






بەڵگەنامەکان ۲۸ مافناس– حەسەن ئەیوبزادە

## پێداچوونەوەیەک بە هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە وەرگێردراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد

هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حدکا لە پێداچوونەوەکەیدا بە وەرگێڕدراوی دەقی بە کوردیی کراوی کتێبی خولیاومەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان، نووسینی کارۆل پرۆن هوبێر کە لە ۲۷ بەشی پێشووی ئەم زنجیرە لێکۆلینەوەیەدا نیشاندران، دەرفەت و دەرەتانێکیان بۆ مەلا عەبدوللا نەهێشتووەتەوە کە بتوانی حاشالە جاسوسیی وهاوکاریی کردنی خۆیو تیمەکەی بۆ محمد جعفری صحرارودی سەرپەرشتی دەفتەری سەرەکیی ئێران لە یاخسەمەر[1]، جەلال تالەبانیی، وەزارەتی ئیتیلاعاتی رژیم بکا.

بە بێ هاوکاریی کردنی مەلاعەبدوللا لەگەل دام و دەزگا ئەمنییەتیی و ئیتیلاعاتییەکانی رژیم و هاوکارەکوردەکانیان تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و سەدان ئەندامی حدکا لە ناوچەی سەوزی ینک لە باشوری کوردستان بەو ئاسانییە بۆ رژیم نەدەلوا.

لەو پێوەندییەدا جارێکی دیکە لە راپۆرتەکەی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتیلاعاتی رژیم کە مەلا عەبدوللا بە راپۆرتی خەبەریی واتە جاسوسیی ناونابوو لە کوردستانی ژمارە ۱۲۷ بانەمەری ۱۳٦٦ لە بەشی ۲۷ لیکۆلینەو پێداچوونە بە تەزویری مەلاعەبدوللا بروانە!

هەروا خیتابەکەی تالەبانیی کە مەلا عەبدوللاو هاوکارەکانی ۲۷ سال بوو لە خەلکی کوردیان شاردبۆوە ببیسە کە بۆ دەسپێکی وتوێژی نێوان د.قاسملوو و تێرۆریستەکان بەفارسیی دەریبڕیبوو.

ئاخر وتەکانی محسن رضائی وپلانەکانی رژیمەکەی بۆ داگیرکردنی باشوری کوردستان و لکاندنی بە ئێرانەوە بە هاوکاریی تالەبانیی و تەنزیمەکەی بخوێنەوە کە هەموو کارەساتەکانی کوردستانی لێکەوتەوە.[2] ئەو دانپێدانانەی محسن رضائی، فەرماندەری شەر کە بەبۆنەی " هفته دفاع مقدس" لە رۆژی چوارشەممە ۱۷ خرداد ۱۳۹٦بەرامبەر بە ۷ ژوئەنی ۲۰۱۷ مجلە الکترۆنیکی Vista News Hub بلاوکرایەوە !

لەو پێوەندییەدا ئامۆژگارییەکانی طارق عزیز بۆ فەرەیدون عەبدولقادر لە لاپەرەی ۷ خولانەوە لە ناو بازنەدا و قرار رقم ۱٦۰مجلس قیادة الثوره رێکەوتی ۱۹۸۷/۳/۲۹ بۆ خولقاندنی کارەساتەکانی کوردستان وکردنی علی حسن مجید بە "بریاردەری هەموو جینایەتەکانی ئەنفال و کۆمەلکوژییەکان و وێرانیی و ئاوارەیی و تونائکردنی خەلکی کورد لە ئاکامی رێکەوتنی تالەبانیی و وەفدەی لە ۱۹۸٦ لە تاران لەگەل باقری نوالقدر بروانە لاپەرەی ۲۰۵ خولانەوە لە ناو بازنەدا بە زمانی عەرەبیی! تالەبانیی خۆی لە راپۆرتەکەیدا بۆپلێنۆمی ٤ ینک و نەوشیروان لە " هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین" دانیان بە پێکهێنانی زەمینەو دەرفەتی خولقاندنی کارەساتەکانی کوردستان بۆ دوو رژیمی داگیرکەری کوردستاندانا.

ئەو بەڵگەنامانەی کە تائێستا لەسەر پاکانە کردنی مەلا عەبدوللا بۆ تێرۆریستەکان و هاوکارە کوردەکانیان و دەوری خۆی بۆ کوشتاری سەدان پێشمەرگە بە هاوکاریی زانیاریی ینک بلاو کراونەوە لەچاو ئەوەی کە تائێستا ئاشکرا نەکراون چەشنی قوتکەی کێوی سەهۆلی ناو دەریایە.

---

1 خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفیل لاپەرەی ۱۱۳

2 http://vista.ir/article/341282/

لێره بەدوا دەورەی مەلا عەبدوللا و هاوکارەکانی بە پێی لێکۆلینەوەکانی دادوەران لە پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەردا باس دەکرێن.

**لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوەی ئۆتریش لە پرۆسەی تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی ئازەر دا**

**ڤیەن رۆژی ١٣ی جولای ١٩٨٩**

**دەسپێک: کاتژمێر ٢٢:٣٥**

**کۆتایی : کاتژمێر ١٠: ٥٠**

<u>لێکۆلینەوە لە: امیر منصور بزرگیان اصل</u>

**لە دایکبووی ١٩٥٨**

خاوەنی پاسپۆرتی ژمارە : 054009 دەرچووی رۆژی ١٤ ژانویەی ١٩٨٩

**پێشینەی کار-** پاسدار امیر منصور بزرگیان اصل، خەلکی تاران، خاوەنی پاسپۆرتی ژمارە 054009 یەکەم کەس لەو تۆمەتبار کراوانە بە تێرۆری د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەر بووە کە لەلایەن کارگێڕانی بەشی دژەتێرۆر، پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوەی ئۆتریش، پرس و جۆی لێکرابوو.

لە بەشی ٢٧ ی لێکۆلینەوەدا گوترا کە لە پێکانی د.قاسملوو بە گوللەی محمدجعفری صحراراوی و دەرچوونی گوللەکە لە لەشی و کەوانەکردنی بەرەو تێرۆریستەکە وەباسکی چەپی کەوتبوو. بروانە وێنەی شوێنی وێکەوتنی گوللەکە بە باسکی چەپی صحرارودی‌یەوە و بەخیە کەی بن باخەلی دەستی چەپی کە بەرەوژور تا ئێسکی سەرەوەوەی قەوەزەی سێنگ و کشانی بەرەوقورگ و ئاخرسەر هەلکشانی ئەو لەتکە قورقوشمە بەرەوناو زار و ئۆقرەگرتنی لەناو دەمی تێرۆریستەکە. ئاخرسەر داچۆرانی خوێن بە لا لغاوەی‌دا، بەرنامەی راکردنی صحرارودی و بادیگاردەکەی بە ناوی" امیر منصور بزرگیان اصل " دوو لەو سێ تێرۆریستەی پەک خستبوو. لە ئاکامدا " بزرگیان" ناچار ببوو بەرەو بالوێزخانەی ئێران ڕابکاو روداوەکە رابگەیەنێ. ناوبراو بۆ پێراگەیشتن بە صحرارودی ناردرابۆوە بۆ شوێنی روداوەکە. نەفەری سێهەم بە ناوی حاجی مصطفێ توانیبووی خۆی دەرباز بکا. ئەو روداوە بەوردیی لە لایەن کارناسان و پزیشک و کارگێڕانی تاقیگەکانەوە و دادوەرانی لێکۆلینەوە باس کراون کە ئێمە لە درێژەی لێکۆلینەوەکاندا بەکوردیی وەرگێردراوی بەلگە شاردراوەکان دەخەینە بەرچاو و باسیان دەکەین.





لە یەکەم دەقیقەی ئاشکرابوونی روداوی‌تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر و کوژرانی فازل رەسوڵ لە شوێنی تێرۆرەکە، پۆلیسی دژەتێرۆر بە ناوی دوکتور ئۆسوالد کێسلێر، پرس و جۆی لە بادیگاردەکەی صحرارودی بە ناوی " امیر منصور بزرگیان اصل، کردبوو. وتەکانی د.کێسلێر خیتاب بە کارگێڕانی بالوێزخانەی رژیم لە شوێنی تێرۆرەکە سەرنج راکێشە و دواتر ئاماژەیان پێدەکرێ.

لێکۆلینەوەی رەسمیی لەلایەن پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە لە امیر منصور بزرگیان وێنەی ژێرەوە لە کاتژمێر ٢٢:٣٥ شەوی ١٣/٧/١٩٨٩ تا پێنج و دەدەقیقەی رۆژی ١٤/٧/١٩٨٩ی خایاندبوو کە ئێمە لێرە بەدوا باسی دەکەین.



مەودای بالوێزخانەی ئێران تائەو ئاپارتمانەی ژنە سیغەیی‌یەکەی فازل رەسوڵ کە د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی تێدا تێرۆرکران و فازل رەسوڵیش تێیدا کۆتایی بە ژیانی هێنرا، بۆکە سێکی‌پیادە٨ –٧ خولەک رێ بووە.

ئاپارتمانی ژمارە ١٢ ی ناوبینای ژمارە٥ لە شەقامی "لینکەبانگاسی" لە مەنتیقەی ٣ ی ڤیەن لە ژێردەستی فازل رەسوڵدابووە و هەرکاتێ ویستوویە بۆ هێنان و بردنی " میوانەکانی" و مانەوەیان،

دور له ژێر چاوەدێریی پۆلیس کەلکی لێوەرگرتبوو. ئەو ئاپارتمانە هی ڕێناتە ژنە سیغەییەکەی فازل رەسوڵ بووە.

له بەشی ۲۷دا ئاماژە کرا بەوە کە "بزرگیان" له دایکبووی ساڵی ۱۹۵۸ ،خەلکی تاران و خاوەنی پاسپۆرتی سیاسیی ژمارە ۰٥٤۰۰۹ بووە.[3] ئاماژەش کرابوو کە "بزرگیان" خۆی بە دیپلۆمات پێناسەکردبوو و گوتبووی: پاسپۆرتەکەی سیاسییە، بەلام بۆ دەولەتی ئوتریش ئیعتیباری نەبووە. وێرای ئەوە داوای کردبوو نوێنەرێکی دەولەتی ئێران له لیکۆلینەوەکانی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوەدا بەشداریی بکا و حازرە وەلامی پرس و جۆی دادوەران و پۆلیسی دادوەریی بداتەوە.

بزرگیان بۆ سەفەری ئوتریش له ۱۸/۱/۱۹۸۹ پاسپۆرتێکیان بە ناوی خۆی دابوویە و هەر لەو رۆژەدا سەفەری ئوتریشی پێکردبوو.

وتوێژی د.قاسملوو تێرۆریستەکان ئاکامی هەوڵی بێوچانی تالەبانیی و نووسینی راپۆرتێکی له واقعییەت بەدووری جەلال تالەبانیی کە مەلا عەبدوللا بەرلەوەی کە ببێتە هاوکاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و لەگەل محمد جعفری صحرارودی له یاخسەمەر پێوەندیی بگرێ ئەو راپۆرتەی تالەبانیی بە راپۆرتی خەبەریی ناو بردبوو.

یاخسەمەر، شوێنی ژیانی تالەبانیی و ناوەندی ی.ن.ک. و ناوندی سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە سەرپەرشتیی"سردار محمدجعفری صحرارودی" ناسراو بە "برادر رەحیمی "و " امیر"و "رەفیق " بووە.

" راپۆرتێکی خەبەریی جەلال تالەبانیی بۆ وەزارەتی اطلاعاتی ژێر دەسەلاتی علی فلاحیان کە پێشتر بە شرۆڤەیەکی هەزەلیی بە نووسینی مەلاعەبدوللا حەسەنزادە له "کوردستان"(ئۆرگانی رسمیی حدکا ژمارە ۱۲۷ کە له جۆزەردانی ۱۳٦٦ دژ بە نووسەری راپۆرتەکە و کۆماری ئیسلامیی بلاو کرابۆوە ) بۆ باقری ذوالقدر و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و رژیم بە مانای رۆشن کردنی گلۆپی سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملوو و ئەسپاردنی دەورێک لەو بابەتەدا بۆ تالەبانیی پێناسە کرابوو. ئەوبابەتە له بەشی ۲۷ی لێکۆلینەوەدا باس کراوە.

ئاخر رۆژی وتوویژی قۆناخی یەکەم ، رۆژی ۲۰ ی ژانویەی ۱۹۸۹بووە. دوو کۆبوونەوەی دیکە له رۆژەکانی ۲۸ی سێپتێمبر و ۳۰ سێپتیمبری ۱۹۸۸ له مالی خەبات مەعروف و مالی فازل رەسوڵ و براکانی بەبەشداریی جەلال تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ئەمین، خەسرەوخال و شازاد سائیب بەرێوە چوو بوو. لەوچوارکەسەی کە ناویان بردرا تەنیا نەوشیروان مصطفی بە پاسپۆرتی خۆیەوە چووبووە ڤییەن. سێکەسەکەی دیکە به پاسپۆرتی خوازراوە چوو بوونە ڤییەن.

رێکەوتی دانی پاسپۆرتێک له ۱۸ ژانویەی ۱۹۸۹ بە بزرگیان و ناردنی کتوپڕی بۆ ڤییەن حیکایەت لەوە دەکا کە ناوبراو بۆ بەڕێوەبردنی پلانێک کە له ۲۰ ژانویەی ۱۹۸۹ ( ئاخر رۆژی بە ناو قۆناخی یەکەم دەبوو بەڕێوە بچی بۆ ڤییەن ناردرابوو. لەورووەوە ئەوەی کە سەبارەت بەدوو کۆبوونەوەی رۆژەکانی ۲۸و ۳۰ دیسێمبر د،قاسموو تێرۆریستەکان گوتوویە ( لەمەرجێگە وژمارەی بەشداران) راست نەبووە.

دوو روداو سەلمێنەری ئەو واقعییەتەن:

۱–کڕینی ئاپارتمانێک بۆئەحمەد بنبێلا، سەرۆک کۆماری بەرێی ئەلجەزایر له مانگی دێسێمبری ۱۹۸۸ بە مەبەستی راگەیاندنی بەشداریی کردنی خۆی له وتوێژەکاندا بۆمتمانەدان بە د.قاسملوو کە ئەویش لەکۆبوونەوەکاندا بەشداریی دەکا.

له دەوری یەکەمدا پێویست بە بنبێلا نەبووە چونکە تالەبانیی و سێ ئەندامی سەرکردایەتیی ینک لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار بوون. بەلام بالوێزخانەی رژیم له ڤییەن ئەو کارەیان بە فازل رەسوڵ کردبوو و ئاپارتمانەکەیان بۆ بنبێلا کڕیبوو و دابوویانێ. بنبێلا سیاسەتکارێکی فێڵباز وفاسید بووە بە پلانەکەی زانیبوو. رایان گرتبوو له قۆناخی دووهەمدا کە پێک بێ بە دقاسملوو بلێ کە :ئەویش له وتوێژەکاندا بەشداریی دەکا. فازل و بنبێلاو زۆر سیاسەتکاری دیکەی کورد وەکو مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ببوونە شیعەی

دوازدەئیمامیی جیرەوەرگرو هاوکاری ئیتتیلاعات، بیناو مڵک و کۆشک و تەلاری " خوالێخۆشبوو ئیمام خومەینیی"یان پێدرابوو.

ئەحمەد بنبێلا سەرلە بەیانی رۆژی ١٢ی جولای ١٩٨٩ لە مالی فازل رەسوڵ چاوی بە د.قاسملوو کەوتبوو و بەلێنیی دا بوویە کە لە وتوویژەکاندا بەشداریی دەکا بەلام لە رۆژی ١٣دا کە رۆژی تیرۆرەکەی دقاسملوو عەبدوللا قادریی بووە بەشداریی نەکردبوو... پێشتر بەڵگەی کرێنی ئاپارتمانەکە لە لایەن فازل رەسوڵەوە بۆ بنبێلا بە قیمەتی ملیۆنێک و چوارسەت و پەنجاهەزار شلینگ کردرابوو. پۆلیس لەرۆژی دوای تێرۆرەکە لەو پلانە ئاگادار ببووو فازلی بە هاودەستیی تێرۆریستەکان کرابوو. ئەوە بۆ دادوەری لێکۆلینەوە بەڵگەیەکی گرنگ بووە کە فازل رەسوڵی بە گومانلێکراو ناسیبوو و قەراری گرتنی ناوبراوی دابوو. ئەوداوەرە لەوکاتەدا نەیزانیبوو کە فازل رەسول بە گووللەی هاوکارەکانی خۆی بۆ کوێرکردنەوەی شوێنەوارەکانی جینایەتەکان و بەڵگەکانیان لە ناویان بردبوو.

بە بوونی تالەبانیی و سێ هاوڕیی ناوبراو بەوناوانە : نەوشیروان مصطفی ئەمین، خەسرەوخاڵ و شازاد سائیب ، پێویست بە هەبوونی بنبێلا لە قۆناخی یەکەمی وتویژ نە بووە. لە واقیعدا گەرانەوەی صحرارودی بەرەوتاران و وەدواخستنی وتوویژ لە ٣١ مانگی دیسامبری ١٩٨٨ تا ٢٠ مانگی ژانویە ١٩٨٩ بۆ ئەو مەبەستەبووە کە لە قۆناخی دووهەمدا لە بنبێلا بۆ متمانەدان بە د.قاسملوو کەڵک وەربگرن...

٢- کڕینی مۆتۆرسیکلێتێک لە لایەن صحرارودییەوە بە قیمەتی ٤٢٠٠٠ شیلینگ لە قۆناخی یەکەمی وتوێژەکەدا بەمەبەستی خۆ دەربازکردن لە شوێنی روداوەکە و گەیشتن بە فرۆکەخانەی ڤییەن دوای بەرێوەبردنی پلانی تێرۆرەکە.

تالەبانیی، ئەحمەد بنبێلا، نەوشیروان مصطفیٰ ئەمین، سەعدی ئەحمەدپیرە، خەبات مەعروف، شازاد سائیب و خەسرەوخاڵ لە شوێنی کۆبوونەوەکانی خولی یەکەم لە رۆژەکانی بیست و هەشت و سیی دێسێمبری هەزارو نۆسەت و هەشتاوهەشت و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ لە شاری ڤییەن ئاگاداربوون. بەلام خەبات مەعروف و سەعدی ئەحمەد پیرە لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار نەببوون.

تاڵەبانیی لای نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد باسی چوونە لای وەزیری ناوخۆیی ئوتریشی بە ناوی فرانتس لۆشناک کردبوو کە گوایە جێ و رێ وتوێژەکەی داونێ وو پاسەوانی پرچەک و چۆلی بۆ ناردبوونە ئەو شوێنە. بەستەی مەلاعەبدوللا حەسەنزادەش لەو باسەدا کە وەکو هەموو نووسینەکانی دیکەی ساختە و بێبنەماو بێ سەرجاوە بووە کرابوو بە پاڵپشتی وتەکانی تالەبانیی و ٢٧پاسەوانی پرچەکی بۆ بردبووە شوێنێک کە دیاریی نەکردبوو کوێ بووە. ئەو وتانە فڕیان بە سەر واقعییەتەوە نەبووە.

صحرارودی و اجوادی لە کۆبوونەوەکانی رۆژی یەکەم و دووهەم واتە لە رۆژەکانی ٢٨ و ٣٠ دیسێمبردا بەشدار ببوون. بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی پلانەکە دەرفەتەکەیان زۆر بە باش زانیبوو کە تێرۆرەکە هەر لە قۆناخی یەکەمدابکرێ. لەبەر ئەوە رۆژی سێهەم بێ هیچ بیانوویەک کۆبوونەوەکەیان بۆ رۆژی ٢٠ ژانویە ی ١٩٨٩ وەدوا خستبوو. دادوەران و پۆلیسی لێکۆلینەوە زۆریان هەوڵدابوو کە بزانن ، صحرارودی و حاجی مصطفی لەماوەی نێوان ٣١ دیسێمبری ١٩٨٨ تا ١٩ ی ژانویەی ١٩٨٩ لەکوێ بوون. صحرارودی لە وتوێژێکدا گوتبووی ئەو بەرەو تاران گەرابووە.

لەو ماوەیەدا بزرگیان ناردرابوو بۆ ڤییەن. رۆژی ٢٠ی ژانویەی ١٩٨٩ ئاخر کۆبوونەوەی سێهەمی قۆناخی یەکەم کۆتایی پێهاتبوو.

بزرگیان لەمەرچوونی بۆ ڤییەن و بەشادریی کردنی لە وتوێژەکاندا درۆی کردبوو. جارێک ئیددیعای کردبوو کە لەهەرسێ رۆژی کوبوونەوەی قۆناخی یەکەم دا بەشداریی کردبوو ، بەڵام دواتر ئیددیعای کردبوو کە تەنیا لەیەک کۆبوونەوەدا بەشداریی کردبوو.

دادوەری لێکۆلینەوە پرسیاری لە بزرگیان کردبوو کە کە چ هۆیەک لە ئارادابووە کە ئەو لەکۆبوونەوەکانی پێشتردا بەشداریی نەکردبوو وچی ببووە هۆی ئەوە کە لە ١٨ تا ٢٤ ی ژانویەی ١٩٨٨ ناردرا بوو بۆ ڤییەن و لێێ زیادکردبوو کە ئەوە پێوەندیی بە گرنگیی دەوری ئەو لە دابین کردنی ئەمنییەتی شوێنەکەوە بووە؟

بزرگیان وەڵامی دابۆوە : "ئەوە ناراستەوخۆ بووە". ئێرانییەکان پێیانوانەبوو کە د.قاسملوو خۆی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریی دەکا. کاتێ ئەوە رویدا( راگەیاندنی بەشداریی کردنی د.قاسملوو لە وتویژدا) ئەو مەترسییە پەیدا بوو کە نەکا لە لایەن عێراقییەکانەوە و دەوڵەتی عێراق ئەو وتویژە "بایکۆت "بکرێ. چونکە دەوڵەتی عێراق بیگومان بەوە رازی نەبوو کە لە نێوان نوێنەری کوردەکان و کۆماری ئیسلامییدا وتویژ بکرێ."ئەوە بەومانایەیە کە ئیمکانی ئەوە هەبوو کورد کە کورد لە کۆماری ئیسلامیی نزیک ببنەوە. لەو رووەوە بەشداریی من دەکرا پێش بە تێسرەواندنێک یان دەرگیرییەک بگرێ. بزرگیان لێیزیادکردووە و گوتوویە :ئەو دانیشتنەی کە من تێیدا بەشدار بووم بەهۆی ئەوە کە تێیدا رێککەوتنێک نەبوو پێشوەخت و کوتوپر کۆتایی پێهێنرا. بەشداران دەبوو لەگەڵ بەرپرسان راوێژ بکەن، بۆ ئەوە کاتێکی دیکە بۆ درێژەدان بە وتویژ دیاری بکەن. ئەو وتویژە دەبوو لەوپەڕی نهێنییدا رابگیرێ. بەلام تالەبانیلە لای هاوکارەکانی ئاشکرای کردبوو. ئەوکاتە تالەبانیی سەفەری ئێرانی کردبوو و لای هاورێکانی وتویژەکەی درکاندبوو. لەبەر ئەوە ناوبراو لە لایەن بەرپرسانی ئێرانەوە گۆڕدرا. کاتێک کە وەزعەکە ئەهوەن بووە لە لایەن ئێرانییەکانەوە فازل رەسوڵ دیاری کرا کە ببێتە ناوبژیوان و تالەبانی لە تیمەکە وەلا نرا. من دوو حەوتو بەر لە سەفەرەکەم بۆ ئوتریش دەستورم پێدرا لەگەل" د."رەسوڵ [1] [فازل رەسوڵ– نووسەر]پێوەندیی بگرم و دوو پەیامی پێبگەیەنم:

دادوەر ی لێکۆلینەوە لێرەدا ئەو پرسیارانەی لە بزرگیان نەکردبوو کە ئەوکەسەی کە ئەو مەئمورییەتەی پێدابوو کێ بووە و بزرگیان فازل رەسوڵی لە کوێ ناسیبوو و چ پێوەندییەکی بە بریاردەرانی کۆماری ئیسلامییەوە هەبووە؟

بزرگیان لێرە بەدوا، باسی لە پێشینەی خۆی و بەشداریی کردنی لە وتوێژێکدا کردووە کە گوایە نزیک بە پێنج مانگ بەر لەروداوی تێرۆری رۆژی ١٣ی مانگی جولای ١٩٨٩ بووەودەڵێ: لەو کاتەدا لە ئوتریش لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بووە کە د.قاسملوو و جەلال تالەبانیی و سێ کوردی دیکە لەگەل محمد جعفری صحرارودی و حاجی مصطفی[ ناوێکی تەزویریی] تێیدا بەشدار ببوون و گوتبووی ئەو وتویژە لەمالی ژمارە ٨ نزیک بە مالی'رەسول فازل[ فازل رەسوڵ – نووسەر] بووە.

بەرپرسی لێکۆڵینەوە لێرەدا لە پاسپۆرتەکەی بزرگیانی روانیوە و بۆی دەرکەوتووە کە بزرگیان لە رۆژی ١٨ ی مانگی ژانویەی ١٩٨٩ تا ٢٤ ی مانگی ژانویەی ١٩٨٩ لە ئوتریش بووە.واتە ناوبراو تەنیا بۆ یەک رۆژ (٢٠ ی ژانویە ی ١٩٨٩ ) ناردرابوو بۆ ڤییەن کە ئاخر رۆژی وتویژی قۆناخی یەکەم لە نێوان د.قاسملوو عەبدوللا قادریی و تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان لە ئوتریش بووە.

وتەکەی بزرگیان راست نەبووە، چونکە یەکەم کۆبوونەوەی نێوان د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەر و صحرارودی و حاجی مصطفی کە بە ناوبژیوانیی جەلال تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی وبەشداریی خەسرەو خاڵ و شازاد سائیب (ئەندامانی سەرکردایەتیی تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی) لە ڤییەن پێک هاتبوولە رۆژی ٢٨ مانگی دیسێمبری ١٩٨٨ لە مالی لایەنگرێکی تالەبانیی بە ناوی خەبات مەعروف بووە کە سەعدی ئەحمەد پیرە رێکی خستبوو و رۆژی ٣٠ی دێسێمبری ١٩٨٨ لە مالی فازل رەسوڵ و براکانی بووە.

سەعدی ئەحمەدپیرە یەکی لە ئەندامانی سەرکردایەتیی ینک وخوێندکار لە ئوتریش بووە.گوایە کلیلی مالەکەی خەبات مەعروف لە لای سەعدی ئەحمەد پیرەبووە کە بۆ رۆژی یەکەمی وتویژ کەڵکیان لێ وەرگرتبوو. ئیدیعاکرابوو کە خەبات مەعروف لەو کاتەدا لە ولاتێکی دیکەبووە و کلیلیماڵەکەی لای سەعدی ئەحمەدپیرە بووە. خەبات مەعروف لە و رۆژەی کە کۆبوونەوەکە لەماڵەکەیئەودا بەڕێوەچووبوو لە لایەن صحرارودییەوە لە هۆتێل هیلتۆنی شاری ڤییەنەوە لە نێوان رۆژەکانی ٢٦/١٢/١٩٨٨ – ١٩٨٨–١٢–٣٠ وە تەلەفۆنی بۆکرابوو. دواتر لە شوێنی خۆیدا باسی دەکرێ.

کۆبوونەوەی رۆژی دووهەمی خولی یەکەم ٣٠ی سێپتامبری ١٩٨٨بە ئیبتیکاری جەلال تاڵەبانیی، لە ماڵی فازل رەسوڵ و براکانی بەڕێوە چووبوو. بێ ئەوە کەسێک لە حدکا لەو پلان و نهێنییکارییەی تالەبانیی ئاگادار بووبێ. ئەوە لە حالێکدابووە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ینک لە ڤییەن لەو کۆبوونەوانە ئاگادار کرابوون. ئەو ماڵەی کە کرابوو بە شوێنی تێرۆری د.قاسملوو، هی رێناتە ژنە ئوتریشییە سیغەییەکەی فازل رەسوڵ بووە و بەردەوام فازل رەسوڵ بۆ مێوانە نهێنییەکانی کەڵکی لێوەر گرتبوو. ئیمکانی ئەوە کە لە قۆناخی یەکەمیش بۆ حەوانەوەی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی و هاورێکانیان لەو ماڵە کەڵکیان وەرگرتبێ جێی

لێکۆلینەوە بووە. چونکە نەزانراوە کە تالەبانیی و هاورێکانی لە ٢٦ی سێپتامبری ١٩٨٨ تا ٢٦ ی ژانویەی ١٩٨٩ واتە تا رۆژی گەڕانەوەیان بەرۆ تاران لە کوێ مابوونەوە.

ئەو دیدارانە، خێلەکیی، بێ بەرنامە، بێ پاراستنی ئەو ئوسوڵ و دیسیپلینانە بوون کە حدکا پێشتر بۆ وتوێژی ئیحتیمالیی لە لایەن د.قاسملووەوە رایگەیاندبوو.

لە یەکی لە وتوێژەکاندا لەگەل نوێنەرانی رژیم کە شەهید سەرگورد عەلیار. مەلا عەبدوللای حیاکیی و خاوەنی ئەم لێکۆلینەوەیە لە بێتووش تێیدا بەشدار بوون، مەرجەکانی وتوێژ و پێشنیارەکانی د.قاسملوو بۆ کۆبوونەکان لە چوار خاڵدا بە وردیی دیاریی کرابوون کە بریتیی بوون لە:

١- وتوێژ دەبێ ئاشکرا بێ و بە رەسمیی راگەیەندرابێ ٢- شوێنی وتووێژ لە پێتەختی وڵاتێکی دەرەوە و بە ئاگاداریی دەوڵەتی ئەو وڵاتەبێ. ٣- حدکا لەگەڵ نوێنەرانی رەسمیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتوێژ دەکا ٤- حدکا لەسەر خودموختاریی وتوێژ دەکا. ئەمانە مەرجەکانی وتوێژ بوون.

د.قاسملوو لەگەڕانەوەیدا بۆ کوردستان و ئاگادار کردنی ئەندامانی ناوندیی حیزب لەو وتوێژە، رەخنەی لێ گیرابوو کە بۆچی پێشتر بۆ ئەو وتوێژە بە ناوبژیوانیی تالەبانیی لەگەل دەفتەری سیاسیی هاوفکریی نەکردبوو.

تاڵەبانیی ئەو تێرۆریستانەی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانی بە ناوی نوێنەری نیزام، نوێنەری سەرۆکی پارلمان و نوێنەری سۆرۆک کۆماری ئێران بە د.قاسملوو ناساندبوون.

مخابن د.قاسملوو سەرنجی نەدابۆوە خیتابە سیاسییە پێنج خولەکییەکەی جەلال تالەبانیی کە لەیەکەم رۆژی بەناو وتوێژەکە بە "فارسیی " پێشکەشی کردبوو.

ئەو خیتابە پێنج خولەکییەی تالەبانیی رۆژی ٢٨ی دیسامبری ١٩٨٨ کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و مصطفی هجری ٢٧ساڵی رەبەق لە خەلکی کوردیان شاردبۆوە، لە لایەن ناوەندێکی حدکا لە دانمارک دوایٔ ئەو ماوەیە بە بێ هیچ لێکدانەوەیەک و هۆی شاردنەوە و بلاوکردنەوەی دوای ٢٧ ساڵ لە فێس بووک دا ئاشکرایان کرد.

هۆی شاردنەوەی ئەو کاسێتە لە لایەن نووسەری ئەم دیرانەوە باس کراوە. لە بەشی سیاسییەکەی ئەو شریتەدا خویایە <u>کە تواندنەوەی ینک لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و توانەوەی کورد</u> <u>بە پیلانی سەرانی ئیتتیلاعاتی سپا بۆ "هەڵکردنی ئالأی هیلالی شێعیی ± کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تالەبانییدرۆیەکی ئاخوندەکانبۆ توناکردنی حدکاو رێبەرانی بە هاوکاریی کورد بووە.</u> ئەو بیرۆکە یە لە لایەن نەوشیروان مصطفیوە بە خەیاڵپلاو پێناسەکرابوو و بەدوورو درێژی لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا باس کراوە[4].سەیر ئەوەیە کە نەوشیروان خۆی بۆ ئەو خەیاڵپلاوە پاسدارەکانی تا کەرکوک ئیسکۆرت کردبوو. بروانە <u>ئاخر بەشی روایت جنگ از زبان فرماندە جنگ محسن رضائی</u>[5] . پێشتریش ئەو وتانەی محسن رضائی باس کراون.

بزرگیان لەدرێژەی باسەکەیدا وتەکانی خۆی بە درۆدەخاتەوەو دەڵێ:" من تەنیا جارێک لەو کۆبوونەوەیەدابووم و دەبێ دوو کۆبوونەوەی دیکە پێش ئەوەی من تییدا بووم کرابووبێ."

بزرگیان گووتبووی :"نزیک بە دوو حەوتوو بەر لە سەفەرەکەم بۆ ئوتریش پێم راگەیاندرا کە لەگەڵ فازل رەسوڵ پێوەندیی بگرم و دوو پەیامی پێ رابگەیەنم".

---

[4] Xulanewe le nav bazneda 119-128

[5] - http://vista.ir/article/341282

لێرەشدا بزرگیان پرسیاری لێ نەکرابوو کە فازل رەسوڵی لە کەیەوە ناسیبوو و لەکوێ دیتبوو و چە پەیوەندییەکیان پێکەوە هەبووە و فازل چ پێوەندییەکی بە فەرماندەری ئەو تێرۆریستەوە هەبووە؟ نوابراو لە مەر سەفەرەکەی بۆ ڤییەن گووتبووی:

" لە تارانەوە بەرەو زوریخ فڕیم". راستی دەکەمەوە بەرەو ژێنێڤ فڕیم. لە ۲۱ی مانگی ژوئەن( جولای) ۱۹۸۹بە فیلد کیرخ و بوکس دا چوومە ئوتریش. من ژمارە تەلەفۆنی فازل رەسول و براکانیم، پێ بوو. دەمویست دوای دابەزین و چوونە هۆتێل پۆست لەگەل فازل رەسوڵ پێوەندیی بگرم. هەوڵم دا، بەلام دەستم نەکەوت. ئەو برایەی فازلی ئاگادار کردبوو کە تەلەفۆن بۆ هۆتیل پۆست بکاو پێوەندییم پێوە بگرێ. فازل رەسوڵ تەلەفۆنی کرد و پێیڕاگەیاندم کە رۆژی دووشەممە ۲٦/٦/۱۹۸۹ دەگەرێتەوە بۆ ڤییەن. رۆژی دوو شەممە <u>چاوم پێێ کەوت و دوو ' پەیامی " دەوڵەتەکەی خۆم بەم جۆرە پێڕاگەیاند:"</u>

۱– "تاڵەبانیی بەزۆربڵەیی خۆی هەموو شتێکی لە قاوداوە.[6] "

۲– "لە بری تالەبانیی دەبێ فازل رەسوڵ لە وتوویژەکەدا بەشداریی بکا."

دادوەری لێکۆلینەوە لە " بزرگیان" ی نەپرسیبوو کێ ئەو بڕیارەی پێ راگەیاندبوو. چۆنیان زانیبوو د.قاسملوو لە دەرەوەی ولاتە و فازل رەسوڵ کێ بووە کە ئەوەندە باوەر پێکراوی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و باڵوێزخانەی ئێران و تێرۆریستەکان بووە؟

هیچکام لە دادوەکان و پۆلیسی داوەریی نەیان پرسیوە کە بۆچی تێرۆریستەکان لە تارانەوە یەک سەر نەچووبوونە ڤییەن؟ ئەزموونی تێرۆریستەکان بۆ هێنان و بردنی جاسوسەکانیان بۆ ولاتانی ئوروپایی بە شێوەیەک بووە کە لە خاڵی لاوازیان بۆ خۆبواردن لە کۆنترۆل کردن کەڵک وەر بگرن.

کەسێک کە بە فرۆکە سەفەردەکا کۆنترۆل دەکرێ. لیستی ناوەکان و ژمارەی پاسپۆرتەکانیان دەنووسرێن. بەلام لە سەفەر کردن دا بە قەتار ئەو تەشریفاتە نیە و تێرۆریستە ئێرانییەکان بەم شێوەخۆیان لە دەستی پۆلیس رزگار دەکەن.

صحرارودی و اجوادی لە ئاخری دیسێمبرەوە تا رۆژی ۱۹ ژانویە بەرەو تاران گەڕابوونەوە بۆ ئەوە بتوانن پلانداریژەران لە هەلو مەرجەکان و شوێن و بەرێوەبردنی پلانەکەیان ئاگادار بکەن مەبەشتیان ئەوە بووە کە لە خولی یەکەمدا کۆتایی بە ژیانی د.قاسملوو بێنن.

لە قۆناخی دوو هەمدا وناردنی بزرگیان بۆ ڤییەن بۆ راگەیاندنی دەستوری سەرانی ئیتتیلاعاتی رژیم بە فازل رەسوڵ بۆ ئەوە دەوری سەرەکیی لە بەڕێوەبردنی" وتوویژ وەئەستۆبگرێ، فازل ئامادە بوونی خۆی بە بزرگیان راگەیاندبوو و گوتبووی :" حازرە بچێتە پاریس". لەو کاتەدا د.قاسملوو لە پاریس بووە و فازل رەسوڵ لە بوونی د.قاسملوو ئاگادار کرابوو.

بزرگیاندەڵێ هاوکات دەعوەتنامەیەک و تیکێتێک Billet, Ticket) بلیتی پێشفرۆش کراوی فرۆکەم بۆ چوونی فازل رەسوڵ بۆ تاران دا بە فازل.

بزرگیان لەوتەکانیدا زیاکردووە و دادوەغرانی لێکۆلینەوەی گوتبوو: بۆ ئەوە کەسێک لە ڤییەن لە خزمەتم دابێ، فازل برایەکی خۆی بە ناوی ک. کە چەند جارێک دیتبووم ناودێر کرد. دوای چەند جارێک تەلەفۆن کردنی فازل رەسوڵ بۆ پاریس، د.قاسملوو رەزامەندیی خۆی دەربریبوو کە لە ۶/۱۹۸۹ /۳۰ لە پاریس چاوی بە فازل رەسوڵ بکەوێ.

---

6) *TALABANI hätte mit seiner Geschwätzigkeit alles verraten und*

4) *anstatt TALABANI sollte Dr. Rasoul an der Besprechungen teilnehmen.*

بزرگیان بۆ دادوەری لێکۆلینەوەی باس کردبوو کە لەگەل فازل رەسوڵ لە دووشەممەوە تا رۆژی هەینیی وێکرا چوو بوونە شت کڕین و میوانی فازل رەسوڵ بووە.

بزرگیان بە دادوەری لێکۆلینەوەی گوتبوو کە فازل رەسوڵ رۆژی هەینیی بەرەو پاریس فرێوە و ئێوارەکەی بە تەلەفۆن ئاگاداری کردووە کە د.قاسملوو بۆ هەموو پێشنیارەکان رازیی بووە. لە ئێوارەکەی دا تەلەفۆنی بۆ هۆتێل پۆست کردبوو و ژمارە تەلەفۆنێکی دابوویە کە دەیتوانی پێوەندیی پێوە بگرێ.

لێرەدا باس لەوە نەکراوە کە تالەبانیی لەو کاتەدا کە تێرۆریستەکان بۆ تێرۆری د.قاسملوو بۆ ڤییەن ناردرابوون لە تاران بیوو.

بزرگیان دەلێ : سەرلە بەیانی رۆژی شەممە لە تەلەفۆنێکی گشتییەوە تەلەفۆنم بۆفەرەنسە و بۆ ئەو ژمارە یە کرد کە فازل رەسوڵ دابووی بە من .کوردێک بیستۆکەکەی هەلگرت و دای بە فازل رەسوڵ . ئەوکاتە لەو هۆتێلە نەمام و گواستمەوە بۆ هۆتێلێک لە ئۆتاکرینگێر شتراسە نزیک بە گورتێل. ئەو هۆتێلەش براکەی فازل رەسوڵ بۆی دەستنیشان کردم. ژمارەی ئەو مالەش کە بۆ رەسولم تەلەفۆن کرد لە دەفتەری تەلەفۆنەکەمدا نووسراوە. رەسوڵ لە تەلەفۆنەکەی‌دا گوتی کە دیدارەکە دەبێ تابەر لە ١٥ی جولای ١٩٨٩ دەست پێبکرێ، ئەگەرنا دەکەوێتە دەی ئاگوست و شوێنی وتووێژەکەش قبوڵ کراوە کە لە ڤییەن بێ.

لەلایەن ئێرانییەکانەوە ئەو پێشنیارە بە پەلە قبول کرابوو و رایان گەیاند بوو کە بەزویی دێن بۆ ڤییەن. من بزرگیان دەلێ:"دەستورم پێدرا لە ئوتریش بمێنمەوە". ئێرانییەکان گوتیان تا ١٥/٧/١٩٨٩ وتوێژەکە دەست پێدەکرێ.

فازل رەسوڵ رۆژی ٣ ی مانگی ٧ گەرایەوە و من رۆژی سێ شەممە چاوم بە فازل کەوت.

بزرگیان لە مەر پێکهێنانی رۆژی وتوێژەکە باس لەوەدەکا کە فازل پێی گوتبوو: ئەو کاری دیکەی بەدەستەوەیە ناتوانی تارۆژی ١٢/٧/١٩٨٩ لەو کوبوونەوەیەدا بەشداربێ.

بزرگیان دەلێ دوای چەند تەلەفۆنێکی من لەگەل تاران دەبوو محمد جعفری صحرارودی و حاجی مصطفی ئەو پەرەکەی تارۆژی سێ شەممە لە شاری ڤییەن بن.

صحرارودی و اجوادی نە یانویستبوو بە فرۆکە بەرەو ئوتریش بفرن. بۆ ئەوە دوای تێرۆرەکە گومان نەخرێتە سەر ئێران کە مەئمورەکانیان لەو کاتەدا لە ڤییەن بوون.

محمد جعفری صحرارودی و حاجی مصطفی ( اجوادی) کە دەگەنە ڤییەن دەچنە هۆتێل شتیگلبرۆی وین ١١٥٠ ماریا هیلفرشتراسە ١٥٦ لەوکاتەدا بزرگیان هەر لەو هۆتێلە بووە.

لە ١٣/٧/١٩٨٩ پرسیار لە بزرگیانکراوە کە کەی لەلایەن فازلەوە ئاگادار کرا کە دقاسملوو لەگەل هاورێکەی لە پاریسەوە بەرەو ڤییەن وەرێ دەکەوێ؟

وەلامەکەی بزرگیان ئەوە بووە : کاتێ فازل رەسوڵ لە پاریس گەرایەوە ئاشکرای کرد کە د.قاسملوو لەگەل عەبدولڵا قدریی ئازەر وەرێدەکەوێ. لەو رووەوە من بە بێ راوەستان ئەو خەبەرەم بە تاران راگەیاند. عەبدولڵا قادریی نوێنەری حدکا لە پاریس بوو.

یەکەم دیدار رۆژی چوارشەممە ١٩٨٩ /١٢/٧بوو. فازل رەسوڵ کاتژمێر دەی رۆژی چوارشەممە زەنگی لێدا و گوتی دونیوەرۆ کاتژمێر چوار لە وێستگەی ئوتوبوسەکانی هۆتێل هیلتۆن چاوەروان بن و ئەو دێ بەدوامان‌دا و دەمانباتە شوێنی وتووێژەکە. ئێمە دەخولەک زوتر لەوکاتەی کە قەرارەکەمان دانابوو لە هالی چاوەروانیی بۆ ئوتوبوسەکان یەکترمان دی. ئەوە یەکەم جار بوو کەمن دوو ئێرانییەکەم لە ئوتریش دەخولەک بەر لە وادەی قەرارەکە لە ئوتریش ببینم.

بزرگیان لێرەدا یەکەمین درۆی کە پێشتر کردبووی لەخۆی ئاشکراکردبوو. پێشتر گوتبووی پێنج مانگ لەمەوبەر لە وتوێژێکی قۆناخی یەکەمدا بەشداریی کردبوو، شوێنی وتوێژەکەش لە ئاپارتمانێک کە ژمارەی ٨ و نزیک بە مالی فازل رەسوڵ بووە لەو شوێنەدا لەوتوێژەکاندا بەشدار ببوو.؟!

بزرگیانیش بەم جۆرە ئەوبابەتە باس دەکا و دەڵێ: نزیک بە کاتژمێر ١٦ فازل رەسوڵ هاتە شوێنی قەرارەکەو و ئێمە بە پێ بەرەو شوێنی وتوێژەکە وەرێ کەوتین،بەلام دەبێ ئاماژەی بۆ بکەم کە شوێنی قەرارەکە بۆ ئێمە ناسراو نەبوو. لەبەر دەرگای بینای ژمارە ٥ فازل رەسوڵ کلیلێکی لە گیرفانی شەلوارەکەی دەرهێناو دەرگاکەی پێکردەوە. ئیمە بە پلیکانەکاندا تا قاتی سێ سەرکەوتین. لەمەر ئەوە کە فازل رەسوڵ دەرگاکەی بە کلیلێک کردبووە نازانم چونکە من ئاخر کەس بووم لە چوونەسەردا.

بزرگیاندەڵێ: من خۆم راستەوخۆ لە وتوێژەکەدا بەشدار نەبووم. بەلکو من لە کتێبخانەکەدا بووم.کاتێ کە ئێمە چووینە ناو مالەکە د.قاسملوو و قادریی گەیشتنێ. لە سەرانسەری وتوێژەکەدا گیرو گرفتێک نە بوو . نەکەس وەژور کەوت و نەکەسیش وەدەرکەوت. وتوێژەکە بە نەرم و نیانیی و لە حال و هەوایەکی باشدا بوو. لە وتووێژەکاندا نزیک بوونەوە بەرەو پێش دەچوو.دوای تەواوبوونی وتوێژی رۆژی چوار شەممە قەرار دانرا کە رۆژی پێنج شەممە ش کۆببنەوە. کاتەکە دیاری نەکرا. چونکە د.قاسملوو رایگەیاند کە دەبێ تاکاتژمێر ١٨بخایەنێ. لەورووەوە روون بوو کە کاتەکە دەبوو تا کاتژمێر ١٨ بخایەنێ. رەسول دەبوو بە تەلەفۆن بەشداران ئاگادار بکا. دوای ئەوە کە چەند وتەیەکم لەگەڵ هاوکارە ئێرانییەکانم باس کرد بەرەو هۆتێلەکەم وەرێ کەوتم.

## رۆژی پێنجشەممە ١٩٨٩ /١٣/٧ و بەڕێوەبردنی پلانی تێرۆرەکەی

امیرمنصور بزرگیان اصل دەڵێ من کە رۆژی چوارشەممە شوێنی " کۆنفەرانسەکەم " بەجێهێشت چوومە ناو شار بۆ پیاسەکردن. کاتێ کە گەڕامەوە لە لایەن هاورێکانمەوە پەیامێکم پێگەیست کە رۆژی ١٣/٧/١٩٨٩ کاتژمێر ١٧ " کۆنفەرانس"ە.کە بەرێوەدەچێ. ناوبراو رایگەیاندبوو کە چووبووە"ایران ایر" بۆ ئەوە کەل و پەلێک کە کڕیبووی بۆ ئێرانی بنێرێتەوە کە گوایە بۆی رێنەکەوتبوو. لە گەڕانەوەدا لە شوێنێک بە ناو Schottentor چاوی بە محمد جعفری صحرارودی کەوتبوو و پێیگوتبوو کە شوێنی هۆتێلەکەی بگۆڕێ و بچێتە ئەو هۆتێلەی کە ئەو لێیبووە بۆ ئەوە مەوداکەیان لە یەکتر کەم بکاتەوە. بزرگیان دەڵێ بەپەلە گەڕابۆوە بۆ هۆتێلەکەی و کەرەسەکەی وەخرکردبوو و بە تاکسیی بەرە هۆتێل شتیگل بڕۆی بردبوو. دوای ئەوە ئۆدەیەکی بۆ دیاریی کرابوو دەڵێ لەئۆدەی جەعفەرییدا کۆبووینەوە و ئەو <u>کارەی کە لە پێشمان بوو باس کرد و دوایە</u> : <u>بریارماندا لە لە کاتژمێر ١٧ چاومان بە فازل رەسوڵ بکەوێ و سەبارەت بە **ئیسلام** وتوێژ بکەین.</u> رەنگە باس کردن لە ئیسلام رەمزی بەرنامەی تێرۆری د.قاسملوو بووبێ. رەمزی تێرۆری د.شەرەفکەندیی <u>فریاد علوی</u> بووە.

<u>نزیک ١٥:٣٠ جەعفەری( صحرارودی) و من و حاجی مصطفێ وێکرا هۆتێلەکەمان جێهێشت و</u> بە پێ بە شەقامی ماریا هیلفر شتراسەدا و بە کەڵک وەرگرتن لە قەتاری ناوشار تاهۆتێل هیلتۆن چووین. نزیک کاتژمێر ١٧ بوو کە بەرەو شوێنی "کۆنفەرانس" لە لینکە بانگاسێ وەرێکەوتین.

بزرگیان دەڵێ من خۆم <u>کیسەیەکی پلاستیکیی شین و سپیم پێبوو. لەو کیسەیەدا ئەو شتانەی تێدابوو: نەخشەیەکی رێگە ،کتێبێک، چاویلکەیەک و ژێرکراسێک. مصطفی کیفێکی دەستیی و جەعفەری هیچی پێ نەبوو.</u>

کاتێ گەیشتینێ بینای ژمارە ٥ زەنگی دەرگای ژمارە دوازدەمان داگرت. کاردانەوەیەک نەبوو،گەراینەوە بۆ پێادەرێ و دوای ماوەیەک جارێکی دیکە گەڕاینەوە، دەسگرە دەرکەو زنگەکەمان داگرت. پیرە ژنێک پرسیاری لێکردین کێتان دەوێ؟ ئاماژەمان بۆ ژمارە ١٢ کرد، گوتی کەس لەوێنییە. کاتێ کە هەوڵەکەمان سەرنەکەوت بەرەو هۆتێل هیلتۆن گەڕاینەوە و من بە جەعفەرییم گوت تەلەفۆنێک بۆ فازل بکا. ژنێک وەلامی دایەوە کە فازل لەمال نییە. ئێمە سەرلە نوێ بەرەو مالەکە گەڕاینەوە.و زەنگی مالەکەمان داگرت.کاتژمێر نزیک بە ١٧:٣٠ خولەک بوو. فازل رەسوڵ بە داگرتنی دوگمەیئایفۆنەکە دەرگاکەی کردەوە.کاتێ وەسەرکەوتین دیتمان دەرگاکە نیوەکراوە بوو و ئێمە کاتێ کە گەیشتینێ بەردەرگا و وەژور کەوتین فازل رەسوڵ لە چێشتخانەکە بوو.

ئێمە هەرچوارمان واتە من و جەعفەریی و حاجی مصطفی و فازل رەسوڵ چووینە ئۆدەی دانیشتنەکە. ئەمرۆ دەبوو منیش راستەو خۆ لە"کۆنفەرانس"ەکەدا بەشداریی بکەم. کاتێ کە دەمانویست دانیشین زەنگی دەرگا لێدرا، فازل رەسوڵ خەرێکی پاساوهێنانەوە بۆ وەدرەنگ کەوتنی خۆی بوو، بەرەو دەرگا کە چوو و کردیەوە و گەڕایەوە سەرجێگەکەی خۆی و گوتی برادەرەکانیش هاتن. فازل رەسوڵ دەبوو دەرگاکەش بکاتەوە. من ئەوەم چاو پێکەوت چونکە من چووبوومە کتێبخانەکە. دوایە د.قاسملوو عەبدوللا قادریی هاتن. من لە بیرمە کە تەنیا عەبدوللا قادریی کیفێکی دەستیی پێ بوو و من شتێکی دیکەم نەدی. دوای سلاو کردن پرسیار کرا کە ئاخۆ دانیشتنەکانی بەرێ سەرکەوتوو بوون؟گوترا کە سەرکەوتوو نەبوون، بەلکو لە ۱۹:۳۰ رەوتەکە هاتبۆوە سەرجێی خۆی.

بەشداران کتوپر گەرانەوە ئۆدەی دانیشتنەکە و دەرگای نێوان کتێبخانەکە و ئۆدەی دانیشتنەکە ئاواڵەبوو. بزرگیان دەڵێ : من نەدەبوو لەو دانیشتنەدا بەشداربم، لەبەر ئەوە من لە کتێبخانەکەدا مامەوە.

بزرگیان دەڵێ : من لەوە خاترجەمم کە دەرگای هاتنەژوورەوە بۆ ناو ماڵەکە داخراو بوو. بەر لە دەسپێک و لە ئەحواڵپرسیيیە تەشریفاتییەکەدا فازل رەسوڵ لە ڕارەوەکەبوو و بە تەلەفۆنی کتێبخانەکە پێموایە بە ئالمانی قسەی دەکرد.

لە نێوان وتوێژەکەدا حاجی مصطفی جارێک چووە ژوری ئاودەستەکە. فازل رەسوڵ چەند جارێک چووە چێشتخانەکە. جیا لەوە کەس ئۆدەی دانیشتنەکەی جێ نەهێشت.

کاتژمێر 19.00 بوو کە من هەستم پێکرد وتوێژەکە بەرەو کۆتایی دەچوو.چونکە سەبارەت بە دیاریکردنی کاتێکی دیکە قسە کرا. کاتێ کە دانیشتنێکی دیکە بۆ رۆژی هەینی دیاریی کرا، بریاردرا کە وتوێژ لە دەرەوەی ڤییەن بکرێ.

فازل رەسوڵ لە ژوری دانیشتنەکەهاتەدەر و بۆم باس کرد کە من زۆرم برسییيیە و پێمگوت دەمەوێ شتێک بۆ خواردن بێنم، لە کاتژمێر ۱۹ لە ماڵەکە وەدەرکەوتم و بە پێ چووم بۆ ماکدونالد. بۆ چوون بۆ ماکدونالد من کەڵکم لە پاساژی هۆتێل هیلتۆن وەرگرت.دوای دەورلێدانی لەند شتراسە هاوپت شتراسە،چوومە ڕیزە بیناکانی بانهۆف.چوومە ئەوشوێنەی کە ماکدۆنالدی لێبوو. لەوێ خۆراکێکی ماسیی و کۆلایەکم کڕی و چل شیلینگم دا و بەورێگەیەدا گەڕامەوە.لێرەوە کەڵکم لە پاساژی هۆتێل هیلتۆن وەرگرت. کاتێ لە گەیشتمە سوچی خەتەکەی ئەو پردەی کە قەتاری خێرای بەسەردا رادەبرێ، جەعفەرییم ( محمد جعفری صحرارودی ) دی کە لە پیادەرێی لینکە بانگاسێ لە بەری هۆتێل گۆڵدن شپینێ بەرەو ئونگارگاسە دەچێ، ئەو بەلارەوەلارەوە خۆی ڕکێش دەکرد دیتم بەشی ژورە وەی ملی خوینی پێدادێ. من بەدوای جەعفەری ( صحرارودی) دا رام کرد بەسەر خەتی قەتاری لینکەبانگاسێدا رامکێشا. ئەو لە پیادەری تەنیشت بە خەتی قەتاری خێرا تخێڵ بوو. جەعفەریی ( محمد جعفری صحرارودی) بە منی گوت "تەقەم لێکراوە" و ژنێکم بانگ کرد کە لە روبەرۆی هۆتێل گۆڵدێنن شپینێ دەهاتە دەرو داوام لێکرد پۆلیسم بۆ ئاگادار بکا. دوایە پیاوێک هات و خۆی بەسەر جەعفەرییدا خوار کردەوە بە وردیی چاوی لێکرد . ئەوە پزیشک بوو و من بەرەو هۆتێل هیلتۆن رام کرد و پێم وابوو لەوێ کیوسکی تەلەفۆنی گشتیی لێیە. دوای ئەوەی کە هیچ شوێنێکم بۆ نەدۆزرایەوە کە تەلەفۆنی لێبکەم بەرەو بریندارەکە ( صحرارودی)بە ڕاکردن گەڕامەوە و لەوکاتەدا ماشێنێکی پۆلیس لەوشوێنە رایگرتبوو. من پڕم بە قوڵی پۆلیسێک داکرد و بەرەو بینای ژمارەپێنج قاتی ۳ کە پێم وابوو لەوێ شتێک قەوماوە ڕامکێشا. کاتێکە ئێمە چاومان بە ماڵەکە کەوت زانیمان کە دەرگای ماڵەکە بە تەواوی لەسەرپشت بوو( کرابۆوە). کاتێ کە چاوێکمان بە ژورەکەدا خشاند ئاگاداربووین و من لەوە خاتر جەم بووم کە حاجی مصطفی لەوێ نەبوو. لە شوێنی ئەویش تائێستا ئاگادار نەکراوم. من ماڵەکەم جێ هێشت و لە ڕاڕەوەکە و لەسەر ئەردەکە رۆنیشتم.

لێکۆڵەرەوە لێی پرسیوە: بۆچی لەگێڕانەوەی پرۆسەی شکلگرتنی ئەو دادستانە وردبینانەیەتدا باسی ئەوەت نە کرد کە جەعفەریی ( صحرارودی) بەر لە وە بۆ نەخۆشخانە دووربخرێتەوە پاکەتێکی گچکەی داوە بەتۆ کە تێیدا بڕەدۆڵارێکی زۆری تێدا بووە؟

وەلامـــی بزرگیــــان : مـــن خـــۆم ئـــەوەم بـــە گرنـــگ نـــەزانی لەبـــەر ئـــەوە کـــە پـــۆلیس ئـــەو پاکەتـــەی دی کـــە مـــن وەرم گـــرت ئـــــەو پاکەتـــــەی هۆتێـــــل دوفـــــرانس م درانـــــد و پاســـــپۆرتەی جەعفـــــەرییم لێدەرهێنـــــاو ناوەکـــــەی جەعفـــــەریم بـــــە پۆلیسەکان‌نیشان‌دا.

پرسیار :کەسێک کۆنفەرانسەکەی جێهێشت بۆ ئەوەوە خواردەمەنیی بێنێ؟

وەلام :تا ئەو کاتەی کە من لە ماڵەکەدا بووم ، نا

پرسیار: بە شوێنی حاجی مصطفێ دەزانی ؟

وەلام: مـــن بـــە شـــوێنی مانـــەوەی ئێســـتای ئـــەو نـــازانم. تائـــەو جێێـــەی کـــە بـــۆ ئێمـــە دەرکـــەوتووە دەبـــێ چەمەدانەکـــەی هەر لە هۆتێل بێ.

پرســـیار: جعفـــری ئـــەو پاکەتـــەی بـــە مـــارکی هۆتێـــل دو فـــرانس وە چـــۆن کەوتبووەدەســـت، واتـــە ئەوپاکەتـــەی کـــە ئەسکیناسەکانی تێدا دۆزرابۆوە؟

وەلام ، لەوە ئاگادار نیم.

بزرگیـــان لـــە کۆتـــایی ئـــەو بەشـــەدا دەڵـــێ:"من خـــۆم هـــیچ پێوەندیی‌یـــەکم بـــەو کـــارە وە نی‌یـــە و لـــە هـــۆی ئاوکـــارە ئاگادارنیم.

ڕێکەوتی ڕۆژی ٧ مانگی ٦ ی ساڵی ٢٠١٧

درێژەی دەبێ